# دۆخی ژنانی ئێران ورۆڵیان لە بڵاوکراوەو ڕێکخراوەکاندا (1906- 1925)

**کوێستان احمد خدر**

بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی دۆخی ژنان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی نێوان ساڵانی 1906_1925، ئەم قۆناغە گرنگیەکی زۆری هەیە لە مێژووی ژنانی ئێران، چونکە بەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیان لە قەڵەم دەدرێت، کە تێیدا ژنانی ئێران هەنگاوێکی گەورە بەرەو بەدەستهێنانی مافەکانیان و هاوشانبوونیان لەگەڵ پیاوان دەهاوێژن. لەگەڵ هاتنە کایەی پێشهاتی نوێ لە پێکهاتەو دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێراندا و گۆڕانکاری لە پێشهاتە فکرییەکانی ناو کۆمەڵگا و بیروباوەرو ئایدەلۆژیاکان و بزووتنەوەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران، لەکاتێکدا بەهۆی بوونی پێشنیەی ئاینی و ڕۆڵی ڕوحانیەت لە وڵاتدا و هەروەها سونەتی زاڵ بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا کە ڕیشەیەکی مێژوویان هەبووە، هاوکات ژنان لە بارودۆخە گرنگە مێژوویەکاندا هاتونەتە مەیدان لە بزووتنەوەو ڕاپەرینەکاندا نەخش و ڕۆڵی خۆیان لە بەئاگاهێنانەوەی ژنان نیشانداوە. پرسیاری هەرە گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا چەندە ڕۆڵی هەبووە لەم هەنگاوە، تا چەند مافە یاسایی و مەدەنیەکانیان بە دەست هێناوە، فاکتەرە ناوخۆییەکان چی بوون، فاکتەری دەرەکی بەردەمیان چی بوون؟ هەموو ئەمانە هەوڵدەدرێت لەم توێژینەوەیە بە مێتۆدی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان وەڵام بدرێتەوە، دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وردبوونەوەیە لە خواست و ئامانجەکانی ژنانی کۆمەڵگای ئێران کە لە یەکەم هەوڵەکانیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و یاسایی و سیاسیەکاندا بە کردنەوەی ناوەندی پەروەردەییەکان و دەرکردنی بڵاوکراوەی و ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان بەردەوام بوون.

**کلیلە وشە:** ژنان، ئێران، ڕۆحانیەت، کۆمەڵگا، بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکان.

## پێشەکی:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی قاجار و بە تایبەتی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، چەندین پرۆسەی تازەو ئاڵوگۆڕی قوڵ لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی ئێران سەریانهەڵدا، ئەمانەو کۆمەڵێك گۆڕانکاری و نوێگەرایی، کە کاریگەرترینیان سەرهەڵدانی بزاڤ وڕاپەرینەکان بوو هاتنەکایەوە. هەموو ئەمانەش بوون بە ڕاستیەك تاوەکو ژنان وەك بەشێك لە کۆمەڵگادا، کە سەرەکیترین قوربانی بوون، لە پێناو برەودان بە چالاکیەکانیان ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکیش بووبێ ڕاشکاوانەتر بێنە مەیدان وبتوانن لەچالاکی ڕێکخراوەیی و بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان و کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بە کچان و ژنان و هەوڵەکانیان لە پێناو مافی ژنان لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەنگاوی زیاتر بهاوێژن.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی گرنگی ئەم قۆناغە مێژووییە کە تێدا (ژنان)هەوڵیان داوە گەشە بە ناسنامەی خۆیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، یاسایی، مەدەنی و سیاسیدا بدەن، کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بنەماڵەی قاجاردا سیستماتیك چەوسێنراونەوەو لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و بەستێنە سیاسیەکاندا بەهۆی کلتورو داب و نەریت و سوونەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا ڕێگە لە پێشکەوتنیان گیراوە، هەر بۆیە ئاوڕلێدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە لە توێژینەوەیەکدا شیاوی گرنگی پێدانە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشك خستنە سەر بارودۆخی ژنان لە مێژووی ئێراندا و بە تایبەت لە سەردەمی بنەماڵەی قاجاردا کە بەهۆی هاتنە کایەی چەندین بزاڤ و ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێراندا، هەوڵیانداوە نەخش وڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەپشت بەستن بە مێتۆدی زانستی ـ مێژوویی لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوە مێژووییەکان، بەشێوەی زنجیرەبەندی مێژوویی و تێڕوانینێکی فیکری و زانستی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوە کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** پێکهاتەی توێژینەوەکە لەژێر ناونیشانی، دۆخی ژنانی ئێران و ڕۆڵیان لەبڵاوکراوەو ڕێکخراوەکاندا (1906-1925)دایە، لە دەروازەیەك بە ناونیشانی، ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە دۆخی ژنانی ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە تا شۆڕشی دەستووری. هەروەها لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێك هاتووە، تەوەرەی یەکەم: دۆخی ژنان لە شۆڕشی دەستووری تا جەنگی یەکەمی جیهانی، تەوەرەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ ئایار ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٢٦ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kwestan.ahmad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کوێستان احمد خدر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp156-166

دووەم: ڕۆڵی ژنان لە ڕێکخراو و بڵاوکراوە و خوێندنگاکاندا 1918-1925. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز بەستراوە، گرنگترینیان بریتین لە: (ساناساریان، الیز.(1384) – جنبش حقوق زنان در ایران طغیان و افول سرکوب از 1280 تا انقلاب 1357). دلریش، بشری.(1375) – زن در دوره قاجار. افاری، ژانت.( 1377): انجمن های نیمەسری زنان در نهضت مشروطه. عمرانی، شادیار.(1375)- زنان تاثیرگذار ایران( سیاست ، اموزش، کنشگری).

## دەروازە: ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە دۆخی ژنانی ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە تا شۆڕشی دەستووری(1850- 1906)

باسکردن لە دۆخی ژنان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتدارییەتی حکومەتی قاجار کە بە زۆرو خۆسەپاندن هاتبوونە سەر دەسەڵات و حوکمێکی تاکڕە و ڕەهایان تا ساڵی 1925 بەسەر ئێراندا سەپاندبوو،ئەمەش لەکاتێك دابووهاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای ئێران بەهۆی گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی، لە کۆمەڵگایەکی تەواو کلاسیکی و نەریتی هاتبووە دەر، بەڵام ژنان بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران و بەهۆی هەڵاواردن و جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی زیاتر دەچەوسێنراوە.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە، لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، بوونی ژنان بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران لەگۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ڕەگەزی دووەم دادەنران و لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئێراندا هێندەی نەخش و ڕۆڵی پیاوان دیاروکاریگەر نەبوون، (قاسم پور و دیگران ،1401، 4) بەڵکو هێشتا بە دەست ئەو کۆت و بەندانەوە دەیانناڵاند کە داب و نەریت و کلتورەکان بەسەریاندا زاڵ کردبوون، تەنانەت یەکێك لە ئەرکەکانی پیاو ڕێگری کردن بوو لە ژنان تا بەشداری لە فەرهەنگ و هونەردا بکەن و پیشەیان زۆر سنووردار کرابوو، بە شێوازێك بێجگە لە چاودێری خێزان و ژیانی ڕۆژانەیان هیچی تریان نەدەزانی و تەنانەت دەگوترا(ژنان قژیان درێژەو ئەقڵیان کورتە)( دالمانی، 1378، 426، 448)، ئەمەش وەك نموونەیەك بۆ نەزانینی ژنان بەکاردەهات، ئەم نەریتە بەردەوام بوو، بێجگە لەوەش مافی دەنگدانیان نەبوو و نەیاندەتوانی بەشداری پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن و زۆربەی ژنانیش بەم دۆخە ڕازی بوون و وەك چارەنووسی خۆیان دەیانبینی، چونکە فشارە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان، دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتی خوێندن سنووردار کردبوو، کچان ڕادەهێنران" پێویستە دابنیشن ، نەجوڵێن ، پرسیار نەکەن و وردبین نەبن، چونکە ئێسك و پێکهاتەکانیان ناشیرین دەبێ و زیانیان پێدەگات"(بامداد، 1348، جلد2، 57؛ الیزساناساریان، 1384، 30، 31).

هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، خوێندەواری ژنان بە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا دادەنراو بەردەوامیش لەلایەن پیاوانی ئایینی کە چینێکی باڵا دەست بوون لە ناو کۆمەڵگادا، خەڵکیان دڵنیا دەکردەوە لەوەی ژنان توانای زانین و خوێندەواریان نیەو خوێندەواری بۆ ئەوان شەرمەزارییە، لە سەرچاوەکاندا وەك نموونەیەك باس لە هاوسەرەکانی (ناسرەدین شای قاجار1848-1896) دەکرێ، کە زیاتر لە 26هاوسەری ڕەسمی هەبووە[i] و بەشێکیان توانای خوێندن و نوسینیان نەبووە، ئەوانەی تواناشیان هەبووە نەیانتوانیوە لە بەردەم (شا)دا دەربیبڕن( ڕائین،2535، 21). هەرچۆنێك بێت ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا لە ڕووی مەزهەبیەوە بەبێ مێشك و بێ بەها دادەنران و، لە هەمانکاتدا جیاوازی ڕەگەزی بە جۆرێك بوو، بێجگە لەوەی لە ڕووی ماف و دەستوورەوە لە دۆخێکی خراپدابوون، کاتێك ژنێك منداڵی کوڕی ببوایە، دەبوو زیاتر ڕێزی لێگیرابا و لەگەڵ بوونی منداڵی کچیش بە جۆرێك لە مردن بۆی دادەنرا،(دالمانی، 1378، 423، 426؛ همایون،1354، 46) تەنانەت لە شوێنەگشتیەکان پیاوان ناوی هاوسەرەکانیان نەدەهێنا و جێگەی شەرم بوو، بۆیە بە ناوی یەکێك لە کوڕەکان ناویان دەهێنا، بۆ نموونە (دایکی حەسەن)(ایرملو، 1382، 390).

وەك دەردەکەوێت ئەم جیاوازی ڕەگەزیە ببوە نەریتێك زیاتر لەکۆمەڵگا دەچەوسێنرانەوە، تەنانەت لە شەقامە قەرەباڵغەکانی تاران وەك (لالەزار،شائاباد و هتد...) دەبوایە لە لایەکی شەقام بە ئاراستەی جیاواز لە پیاوان ڕۆیشتبان و ئەگەر ماڵەکانیشیان بە ئاراستەی ڕۆیشتنی پیاوان بوایە، دەبوو مۆڵەتیان لەپۆلیسی سەرشەقام وەرگرتبایە و لەژێر چاودێری ئەوان بەرەوماڵەکانیان ڕۆیشتبانەوە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا، تا کاتژمێر(4)ی ئێوارە دەیانتوانی لە شەقام بمێننەوە ولەگەڵ درەنگ کەوتنیشیان، پۆلیسی سەرشەقام بەدەنگی بەرز هاواری دەکردوو دەستەواژەی (خانم رووت داپۆشە)،(زەعیفە خێراتر بڕۆ)ی بەکاردەهێنا(الیزساناساریان، 1384، 30). تەنانەت لەهاتوچۆی گشتیشدا، ژنان نەیاندەتوانی لە گەڵ هاوسەرەکانیان لە یەك گالیسکەدابن، چونکە جێگای شەرم بوو،کاتێکیش سواری گالیسکەکان دەبوون پێویست بوو منداڵێکیان پێببوایە وخاوەنەکەشی سەری گالیسکەکەی داپۆشیبایە، ئەمەش فاکتەرێك بوو ژنان خۆیان بە بێ سوود سەیر بکەن(ایرملو، 1382، 389، 391).

ئەوەی جێگای بایەخەو هاوکات لە گەڵ ئەو بارودۆخەش پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لە گەڵ هاتنەکایەی پێشهاتی نوێ لە پێکهاتەو دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانداو گۆڕانکاریی لە پێشهاتە فکرییەکانی ناو کۆمەڵگا، ژنان بە سوود وەرگرتن لەو گۆڕانکاریانە، کە دەرهاویشتە یاخود ڕەگ و ڕیشەی بۆ چەندین هۆکارو فاکتەری جیاواز دەگەڕایەوە و هەروەها دەرکەوتنی ریفۆرمخوازەکان لە ناوکۆمەڵگادا و بە تایبەتی لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجارو مەزەفەرەدین شای قاجار( 1896- 1906)و سەرهەڵدانی دوو بزاڤی گرنگ لە ناوهەناوی کۆمەڵگای ئێراندا وەك:(بزاڤی بابیە[ii] وبزاڤی توتن)[iii] ژنانی دەربارو دەسەڵاتدارو ژنانی هەڵقوڵاوی چینی چەوساوەی ناوکۆمەڵگای ئێرانیش توانیویانە ئەو بەربەستانە تێپەرێن. هەروەك لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، (حسنی جهان خانم) ناسراو بە (والیە) کچی فتحعلی شای قاجار(1797- 1834) یەکێك بووە لەو ژنانەی ساڵانێك بە سەربەخۆیەکی تەواو، لەئێران و کوردستان دەسەڵاتداربووە[iv] (عضدالدولە، 1362، 20). هەروەها(گەوهەر خانم)ی نەوەی فتحعلی شای قاجار،ژنێکی لێهاتوو و زاناونوسەرێکی بەتوانا بووە و لەهەمانکاتدا هۆزانڤان وئەستێرەناسێکی بە ناوبانگ بووە. (فخرجهان خانم)ناسراوبە (فخرالملوك)کچی گەورەی ناسرەدین شای قاجار یەکێکی دیکە لەو ژنانە بوو، کە باوەر بەخۆو بە توانا بووەو ماوەی چەند ساڵێك بەرێوبەری کاروباری شاری قووم بووە، لەهەمانکاتدا ژنێکی ڕەخنەگر بووە(رجبی، 1374، 181، 225)

هەر لەو چوارچێوەیەدا،هەروەك لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆ کردووە، بزاڤی بابیە کە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی ئێران بوو، دەرفەتی بە ژنان دا زیاتر دژ بە زوڵم و زۆرداری نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبێ، چونکە بیروبۆچوونەکانی باب تەنیا لە چوارچێوەی ئایینی قەتیس نەما بۆوە، بەڵکو لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتیەکان نەتەنیا بێ لایەن نەبوو،بەپێچەوانە هەڵوێستی هەبوو، کە لەسەر پێویستی کۆمەڵگا بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی ،باشترکردنی پێکەوە ژیان، هەروەها یەکسانی گشتی وەك بنەمایەکی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp156-166

سەرەکی و بە تایبەتی یەکسانی لە مافی ژنان و پیاواندا کاری دەکرد(ابراهامیان، 1383، 23).

وەك دەردەکەوێت بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاکانی ئەم بزووتنەوەیە و ئەوەی جێگەی سەرنجە،هزری لیبراڵی ئەوروپایی بەشێوەی جیاجیا کاریگەری قوڵی لەسەر رۆشنبیرانی ئێرانی هەبوو، ئەوەش فاکتەرێك بوو تا شاعیران، ئەدیب و نوسەران زیاتر کار لەسەر پرسی ژنان بکەن. هەروەك لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ نوسینەکانی (میرزا اقاخان کرمانی) و(شیخ احمدی روحی) کردووە، کە دژی چەوسانەوە وزوڵم و زۆرداری وسەرپۆشی زۆرەملێی ژنان بوون (پیرنظر،1371، 29). هەروەها یەکێکی ترلە نوسەرو ئەدیبە بە ناوبانگەکانی ئێران(فتحعلی خان اخوندزاده 1812-1878) کە بەرهەمەکانی لەپێشکەوتووخوازترین و ڕادیکاڵترین ئەو نوسینانە بوون، کە باسیان لە پێویستی پەروەردەی ژنان، کۆتاییهێنان بەزوڵم وستەم و هێنانە کایەی یەکسانیخوازی ڕەگەزی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئاماژەی بۆئەوە کردووە، کەنەبوونی پەروەردەی ژنان لە زانست و تەکنەلۆژیاو پیشەسازیداو زەوتکردنی مافە مرۆیی و ئازادییەکانیان مانای نەبوونی کۆمەڵگایەکی زیندوو وئازادە (ادمیت، 1349، 143،205؛ ارین پور،1387، 342).

بێجگە لەمانەش کۆمەڵێك لە ڕیفۆرمخوازەکان کە هەڵگری بیری بابیە بوون و دواتریش سەرکردایەتی شۆرشی دەستووریان دەکرد وەك (ملك المتكلمين) ،کە وتەبێژی بزاڤی بابیە بوو،هەروەها میرزا جهانگیرخان شیرازی سەرنوسەری رۆژنامەی (صوراصرافیل) و (ملکم خان) سەرنوسەری رۆژنامەی (یاسا) کە لە لەندەن لە ساڵی 1887دەردەچووە، یەکەم رۆژنامە بوو کە گرنگی بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی ڕێزگرتن لەمافەکانی ژنان داوەو وتراوە نیوەی هەموو نەتەوەیەك لە ژن پێکهاتووە و هیچ پلانێکی نەتەوەیی ناچێتە پێش تا ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان نەبێت (دلگشاە،2019، 66). هەروەها (اعتصام الملك)سەرنوسەری گۆڤاری(بهار) کە لە تەوریز دەردەچوو لە بڵاوکراوەکانیاندا باسی یەکسانی کۆمەڵایەتی و هەوڵی بە ئاگاهێنانەوەی ژنانیان دەدا(پیرنظر،1371، 8-9).

هاوکات لە گەڵ ئەوانەشدا گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی (طاهرە قرە العین) [v] بدرێت کە بە سوودە وەرگرتن لەو بزووتنەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا داوای چاکسازی ئاینی و بە تایبەتی مافی کۆمەڵایەتی زیاتری ژنانی کردووە، ناوبراو توانیویەتی سەرکردایەتی کۆمەڵێك لەو ژنانەی کە هەڵگری بیری بابیە بوون بکات و لە دەوری خۆی کۆیانبکاتەوەو بەشداریەکی چالاکانەیان لە ڕاپەرینەکانداهەبێت، کە ئەوەش واتایەکی نوێی سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا هێناوەتە ئاراوە (پیرنظر،1371، 7).

(طاهرە قرە العین) لەگەڵ ئەوەی بنەماکانی زانستە ئی[1]سلامیەکان لە باوکیەوە فێربووو و لە ڕێگەی مامیەوەی فێری لێکدانەوەو کەلام بووە، یەکێکیش بووە لە شوێنکەوتوانی بابیە، بەڵام هەر زوو لە گەڵ بنەماڵەکەی کەوتۆتە کێشەو تەنانەت بە تۆمەتی کوشتنی مامی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەگیرێ و ڕەوانەی زیندانەکانی تاران دەکرێ، بەڵام مێژوونوسانی ئێرانی سەرباری ئەوەی ناوبراو بە یەکەم ژن دادەنێن، کە داوای یەکسانی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی کردووە، ئەوەشیان خستۆتەڕوو لە کاتێکدا لە ناوچەی مازەندەران گیراوە، هەر بە نەهێنی پەیوەندی لەگەڵ ژنانی هەڵگری بیری بابیە هەبووە، بەڵام کاتێك بەهۆی لە سێدارەدانی (باب) و هەوڵی شوێنکەوتوانی باب بۆ تیرۆرکردنی ناسرەدین شای قاجار، ناسرەدین شای قاجار بڕیاری لە سێدارەدان بۆ بابیەکان دەردەکات،(طاهرە قرە العین)یش یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە سێدارە دەدرێت [vi] (عمرانی، 1375، 66-67؛ رجبی، 1374، 188، 190).

هەر لەچوارچێوەی بزاڤ وڕاپەرینەکانیشدا کاتێك باس لەبزاڤی توتن دەکرێ، ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێرانیش وەك چینێکی ناو کۆمەڵگا توانیویانە سوود لە شەپۆلی نارەزایەتییەکان وەربگرن و ژنانی پایتەخت و ناوچەکانی دیکە ئێرانیش لە نارەزایەتییەکان بەشداربن( قاسم پور ودیگران،1400، 694)، وەك: (نائب کلثوم، سلطان بیگم و اتلی شاە بیگم و یوزباشی خانم)، بێجگە لەمانەش، نمونەی ئەو ژنانەی زیاتر باسی لێوەدەکرێ(زەینب پاشا) یە، کە بە زینب خانم ناسراوە و لە مێژووی ئێراندا لە کاتی سەرهەڵدانی (بزاڤی توتن) و سەردەمی (شۆرشی دەستوریشدا 1906-1911) ناوی زینب خانم جێگای بایەخ بووە و بە یەکێك لە ژنە کاریگەرەکان دادەنرێ، چونکە ناوبراو لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤی توتن سەرکردایەتی کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی کردووەو وتەبێژیشیان بووە و توانیویەتی ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران ببێتەوە، کاتێك (موزەفەرەدەین) جێنشینی (ناسرەدین شای قاجار) لە تەوریزهەڕەشە لە خاوەن دوکانەکان دەکات تا دوکانەکانیان بکەنەوە، بەڵام زینب خانم پاش ئەوەی فتوای میرزا حەسەن شیرازی بیستبوو، لەماوەی نیوکاژمێردا کۆمەڵێك لە ژنانی تەوریزی چەکدارکردووەو ڕووی کردۆتە بازار و ڕووبەڕووی موزەفەرەدین وەستاوەتەوە، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، بەپێی ڕاپۆرتە مێژوویەکان تا ئەو ڕۆژە ئێران بزووتنەوەیەکی وا گەورەی ژنانی بە خۆیەوە نەدیبوو ،ئەوەی جێگەی سەرنجە یەکێ لە هۆزانڤانەکانی ئەو سەردەمە بە ناوی (میرزا فەروخ)، لە هۆنراوەیەکدا لە سەر بوێری زینب خانم لەو ڕۆژەدا ووتوویەتی:

(فرمان بداد زینب پاشا،به شیر زنان و فراشا،بازار بەسنگ بندید شما، من چماق را حاضر کنم،پاتا به را بپیچم به پا). (عمرانی، 1375، 77-80) [vii].

هەرچۆنێك بێت دەرکەوتنی ژنان لە نارەزایەتییەکاندا وبەتایبەتی لەکاتی برسیەتی ساڵی 1898 نموونەیەکی دیکەیە لە چالاکیە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان چونکە کاتێك خەڵکی ئێران دووچاری برسیەتی بووە، ژنانیش شان بە شانی پیاوان نارەزایەتیان دەربڕی و(قاسم پور ودیگران،1401، 694) لەسەرچاوە مێژوویەکانیش ناوی زینب خانم لە نموونەی ئەو ژنانە دەهێنێریت کە هەر لەو ساڵەدا بە هۆی کۆکرنەوەی گەنم لە لایەن خاوەنەکانیان و بڵاوبوونەوەی برسیەتی لە تەوریز، بە هاوبەشی لەگەڵ چەندان ژنی شۆرشگێر، شوێنی کۆگاکانی گەنمیان دەستنیشان کردووەو هەڵیکوتاوەتە سەرماڵی (نیزام العلما) و دەستی گرتووە بەسەر کۆگا گەنمەکەی و بێجگە لەمەش دەرگای کۆگا گەنمەکانی دیکەیان کردۆتەوەو لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت پێنج ژن کوژراون، هەر ئەوەش وایکردووە مەلاکان و فتوادەرەکان پەیوەست بن بە زینب خانم و شۆرشی ژنان و لە بەردەم کونسولگەری ڕوسەکان کۆببنەوە و دروشمی نانیش بێ بە دروشمی سیاسی دژ بە دەسەڵات(رجبی، 1374، 116؛خارابی، 1386، 82؛ شایگان فرو دیگران، 1401، 105).

لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە تا سەرهەڵدانی شۆرشی دەستووری بە هۆی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێرانداوسوننەتی زاڵ بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و چەوسانەوەی چینەکانی کۆمەڵگا و بوونی پێشینەی ئاینی لە وڵاتدا و ڕۆڵی روحانیەت، کە ڕیشەیان بۆ مێژوویەکی قوڵتردەگەڕایەوە و وەك بەربەستێك مابوونەوەو ڕەگیان داکوتابوو لە بەردەم مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێران، ئەمەش کاریگەری لەسەر چینەکانی کۆمەڵگای ئێران دانابوو، و ژنانیش قوربانی یەکەم بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی گۆڕانکارییەکان و بەسوود وەرگرتن لە شەپۆلی

نارەزایەتییەکان و بزووتنەوەکان، لە گەڵ ئەوەی بەربەستەکان تا رادەیەك هەر مابوون، بەڵام ژنان هاتونەتە مەیدان و بوون بە فاکتەرێکی گرنگی گۆڕانکارییەکان.

## تەوەرەی یەکەم: دۆخی ژنان لە شۆڕشی دەستووری تا جەنگی یەکەمی جیهانی(1906- 1914)

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست گۆرانکارییەکی مێژوویی لە کۆمەڵگای ئێراندا روویدا، ئەویش سەرهەڵدانی شۆڕشی دەستووری بوو کە لە نێوان ساڵانی (1906- 1911)، ئەم شۆڕشە یەکێکە لە رووداوە گرنگەکانی مێژوویی نوێی ئێران، رووداوێکی لەپڕو لەناکاو نەبوو و لە خۆرا هەڵنەقوڵا، بەڵکو ڕیشەی لە ڕابردوویەکی دووری فیکری و سیاسیدا هەبوو و ژمارەیەك هۆکار بوون بە سەرچاوەی ئەو ئاڵوگۆڕە (بازیار،1381، 10)، ئەم شۆڕشە دەرهاویشتەی دوو فاکتەری بنەڕەتی بوو، وەك خراپ بەکارهێنانی حوکمکردن وسیستمی سیاسی و ئابوری و نارەزایەتی توندی کۆمەڵانی خەڵك لە زوڵم و زۆرداری و بێ توانایی لەلایەن پاشایانی قاجاردا(ابراهامیان ،1389، 84) و نیگەران بوونی ئێرانییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی بنەماڵەی قاجار؛ پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ئێران و ئەوروپا و دزە پێکردنی بیروهزری نوێ لە ئەوروپا بۆ وڵاتی ئێران، کە ئامانج لە شۆڕشی دەستووری پێویستی گواستنەوەی دەسەڵات لە رژێمی پادشایەتی بۆ رژێمێکی پادشایەتی دەستوری بوو(ادمیت، 1340، 21). ئەوەی پشتگیری ئەو شۆڕشەی کرد، زیاتر کەسانی بازرگانان و پیاوانی ئاینی و چینی ڕوناکبیرانی لایەنگری رۆژئاوا بوون، کە بەردەوام بیرۆکەی دیموکراسیان لە مێشکدا بوو، بە جۆرێك پشتیوانیان لەو بیرۆکەیەیان کردووە وەك ئەوەی ئێرانی مەشروتە دەتوانێت بە شێوەیەکی کتوپڕ بگات بە ئاستی وڵاتانی رۆژئاوایی (ژان پیر،1377، 38). هاوکات ژنانیش لە گەڵ ئەوەی قەیرانەکانی دەوڵەت پرسی ژنان نەبوون، بەڵام بە هاوبەشی لە گەڵ پیاوان داوای حکومەتێکی دەستوری و مۆدێرنیان کردووە ( بابایی راد، 1390، 45).

ئەوەی لەسەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە،لەسەردەمی دەسەڵاتی (موزەفەرەدین شا)و سەردەمی(محمد علی شای قاجار 1906-1909) و(ئەحمەد شای قاجار1909- 1925) ژنان بێجگە لە کردنەوەی خوێندنگاو پرسی پەروەردەی ژنان، زیاترخۆیان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزیوەتەوە، بە هەڵوێست وەرگرتن دژ بە داگیرکەران و دەسەڵاتی حکوومەتی پاشخوازی لە ئێران و لە سەر ئەم بنەمایەش لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا دەرکەوتوون و نەخش و رۆڵی ئەرێنیان لە هەڵبژاردن و خۆپێشاندان و کردنەوەی خوێندنگا و ڕێکخراوەکاندا بینیوە (قاسم پوور و دیگران، 1401، 695)، هەر لەم بارەوە مۆرگان شۆستەری ئابوری ناسی ئەمریکی کە لە دوای شۆڕشی دەستووری لە تاران ژیاوە، لە بڵاوکراوەکانی ساڵی 1912یدا وتوویەتی: لە گەڵ ئەوەی ژنان ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆریان نەبوو، بەڵام بە دەرکردنی بڵاوکراوەو دامەزراندنی ریکخراو کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان لەو ماوە کورتە توانیان ئەو دەسکەوتانە بە دەست بێنن کە ژنانی رۆژئاوایی بۆ چەندین دەیە هەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی ( افاری، 1377، 7؛ فتح ابادی، 1389، 53).

بەگوێرەی نوسراوەکان،دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن موزەفەرەدین شاە لە ساڵی 1896، لە گەڵ ئەوەی سیاسەتەکانی هاوشێوەی سیاسەتی ناسرەدین شای باوکی بوو لە پێدانی ئیمتیازات بە وڵاتانی رۆژئاوایی، بەڵام لە ناوخۆی ئێراندا رێگەی بە ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکان دەدا، ئەمەش فاکتەر بوو هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵێك ریکخراو کۆمەڵەی گشتی و نهێنی و ئازاد لە ئێران دامەزرێن، تا ساڵی 1901 ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی 200 ریکخراو و کۆمەڵە(رائین،2535، 154).

ئەوەی موزەفەرەدین شای ناچار کردبوو لە 6ی ئابی 1906 فەرمانی دامەزراندنی پەرلەمان و دارشتنی دەستوور ڕابگەیەنێت، نارەزایەتیەکانی ناوخۆی ئێران بوون، کە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەل و پەل و پێدانی ئیمتیاز بە رۆژئاواییەکان و کۆشتنی پیاوانی ئاینی سەریهەڵدابوو. شایانی ئاماژە بۆ کردنە لەگەڵ ئەوەی ژنان رۆڵی کاریگەریان لەو خۆپێشاندانانەدا هەبوو، بەڵام ئەم دەستووورە هیچ مافێکی بنەڕەتی بۆ ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێران دیاری نەکردبوو،بە تایبەتی کاتێك پەرلەمان داواکارییەکی ژنانی بڵاوکردەوەو کە داوای پاڵپشتی فەرمیان کردبوو بۆ پەروەردەی ژنان و بەشداریی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، لە وەڵامدا پەرلەمان رایگەیاند کە خوێندنی سنوردار بۆ ژنان بەسەو، ژن سنورداره بە پەروەردەکردنی منداڵ و بەرێوەبردنی ماڵ، هەروەها سەرەرایی ئەوەی ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو لە یاسای هەڵبژاردنیشدا وەك شێت و تاوانبار لە ریزی ئەوانیان دانابوون کە ژنان تاوانبارن و لە شێتەکانن و مافی دەنگدانیان نییە ( بابایی راد، 1390، 45). هەربۆیە نارەزایەتیەکی زۆری لێکەوتەوە لە نێوان چینی یەکەم کە دەستوریخوازان و ریفۆرمخوازان وژنانی ئازادیخوازو چینی دووەم کە پیاوانی ئاینی بوون، چونکە چینی یەکەم واتا باڵی لیبراڵی شۆرش داوای پێشکەوتنی وڵات و یەکسانیان لە نێوان ژنان و پیاواندا دەکرد لە سەر بنەمایی رۆژئاوایی بێت، چینی دووەم دژی بە عەلمانیەت کردنی سیستمی دەسەلات بوون، هەر بۆیە پەرلەمان دادەخرێ و دەستوور هەڵدەوەشێنرێتەوە و دوای ئەوەش ململانێکان لە نێوان ساڵانی 1906-1909 بەردەوامیان دەبێت ( الیزساناساریان، 1384، 30-31).

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆرشی دەستووری و بە تایبەت دوای ساڵی 1906 لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنی ئازاد و دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوەکان لە تەواوی ئێران و شارو شارۆچکەکاندا، (خارابی،1386، 12) لە هەمانکاتدا کاریگەری شۆرشی دەستووری لە سەر کۆمەڵگای ژنانی ئێران فاکتەری بنەڕەتی بوو تا بزووتنەوەی ژنان زیاتر بەرچاو و سەربەخۆ بێ و کۆمەڵەی سیاسی و نەتەوەیی دابمەزرێنێ،خولی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و( بابایی راد، 1390، 46) لە لایەن شای وڵاتیش پشگیری کراون، هەروەك دەبینرێت لە 30ی کانوونی دووەمی 1906 دوای راگەیاندنی دەستوورو پەرلەمان داواکارییەکی ژنانی بڵاوکردۆتەوە، لەو بڵاوکراوەیەدا بۆچوونی زۆرینەی پیاوانی دەستوریخوازیشی تێدابووە و داوای پشتیوانی فەرمیان بۆ پەروەردەی ژنان و بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسی کردووە، ئەو نامەیەی ئاراستەی فتوادەری ئێران سەید محمد تەباتەبائی کراوە، لەگەڵ حکومەت پاڵپشتی خوێندنگاکانی کچان هاوشێوەی خوێندنگاکانی کوڕان بکات ( افاری، 1377، 15).

بۆیە لێرەدا سەرنج و گرنگی دان بە بابەتی پەروەردە جێگەی خۆی گرتووەو بۆ یەکەم جار پرسی خوێندنی کچان لەخوێندنگا مۆدێرنەکاندا هاتۆتە ئاراوەو بارودۆخ و کەش وهەوای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران لە بەرامبەر پەروەردەی کچان بەجۆرێك بوو، لە سەروبەندی شۆرشی دەستوریدا گەورە فتوادەری تاران(سەید محمد تەباتەبائی) ئامادەیی نیشاندا بۆ کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بەکچان (کرمانی، 1361، جلد1، 244)؛(خارابی، 1386، 259، 260).هەروەها لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، (سەید محمد تەباتەبائی )و کوڕە روحیەکەی (میرزا سەید ئەحمەد صادق تەباتەبائی) لایەنگری سەر سەختی کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بە کچان بوون و لە

هەمانکاتدا بەردەوام ڕووبەڕووی بەشێك لە پیاوانی ئاینی وەستاونەوە کە دژی خوێندنی کچان بوون( دلریش، 1375، 136).

پێویستە بگوترێت، لە نێوان ساڵانی 1906- 1911 کۆمەڵێك لە ژنانی وەك (محترم اسکندری، صدیقه دولت ابادی، جمیله صدیقی، افاق پارسا،گلین خانم، خادمه وطن، منیره خانم و هتد...) لە کاریگەرترین ئەو ژنانە بوون کە لە سەردەمی مەشروتە و دواتریش (قاسم پور ودیگران، 1401، 696)، بە پشتگیری کردن لە مافی ژنان و ڕەوتی دەستوریخوازان و دامەزراندنی ڕێکخراو بڵاوکراوە و ئەنجوومەنی تایبەت بە ژنان و کردنەوەی خوێندنگا ڕۆڵیان هەبوو، بۆ نموونە، (بی بی خانم استرابادی) کچی سردار محمد باقرخان فەرماندەی هێزی نیزامی ئەستەراباد( گورگانی ئێستا)، یەکێك بوو لەو ژنانەی هانی ژنانی داوە لە پێناو پێشکەوتن و بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1906 بە هەوڵە خۆنەویستەکانی سەرەڕای ئەو کێشەوگرفتانەی لە کۆمەڵگای ئێراندا بەربەست بوون توانی کۆمەڵەی پەروەردە ڕازی بکات ویەکەمین خوێندنگای سەرەتایی تایبەت بەکچان بەناوی (دوشیزگان) کردۆتەوە. (اسفندابادی،105،1396) وەك دەردەکەوێت کردنەوەی ئەو خوێندنگایە زۆری نەخایاندووە، چونکە لە لایەن فتوادەری بە ناوبانگی ئێران(شێخ فضل الله نوری) ڕاگەیەندراوە ئەم خوێندنگایە دژ بە بنەماکانی ئیسلامە و دەبێ دابخرێ. هەروەها ( سەید علی شوشتری) نموونەیەکی دیکە لە پیاوانی ئاینی بوو، ڕایگەیاندبوو، ووتبووی(ئاخ بۆ دۆخی ئەو وڵاتە خوێندنگایەکی وای کچانی تێدا کراوەتەوە)، ئەو فتوایانە هۆکارێك بوون بۆ کوشتن و بەدناوکردنی زۆرێك لە کچان و ژنانی کۆمەڵگای ئێران و دەگوترا ئەو خوێندنگایانە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت و بۆ بەلاڕێدابردنی کچان و ژنانی وڵاتە، هەر بۆیە لە لایەن وەزارەتی معارف) لە پێناو سەلامەتی خوێندکارەکان داوا لە بی بی خانم استرابادی دەکرێت ئەو خوێندنگایە دابخات ( دلریش،1375، 138).

بەم شێوەیە پیاوانی ئاینی رایانگەیاندبوو ئازادی ژن فاکتەریکە بۆ لاوازی ئەو پەیوەندییە تەقلیدیەی لە نیوان ژنان و پیاواندا هەیەو و گورزێکی کوشەندەشە لە کلتوری ئسلامی بە گشتی و کلتوری شیعە بە تایبەتی. ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرەرایی بەربەستەکان، بەڵام هەر لە پێناو پرسی ژنان کار دەکرا و دەگوترا ، پەیوەندەی خیزانی لەسەر بنەمای زیاتر دەرفەت دانە بە ژنان لە بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هۆکاریکیشە بۆ پێشکەوتنی ژنان و هەروەها هەموو ئەو خراپەکاری و گەندەڵییەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك هەژاری و لەشفرۆشی و تەڵاق دەگەریتەوە بۆ ناهۆشیاری کۆمەڵگا و ژنان بە تایبەتی(افاری، 1377، 64).لێرەدا دەردەکەوێت، دەستوەردانی ڕۆژئاواییەکان، لاوازی حکومەتی ناوەندی، نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، نەبوونی یاسا ببوە هۆکاری ئازاردانی کچان و ژنان لە کۆمەڵگادا و ڕێگری کردن لە مامۆستایان و رووبەڕوبونەوەیان لە گەڵ کێشە جەستەیی و دەروونییەکان( دلریش، 1375، 139). هەر لەو چوارچێوەیەدا ،لەساڵی 1907 لە کاتی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە تاران ژنان بڕیار نامەیەکیان پەسەند کرد، کە لە دوو بڕگە پیکهاتبوو، لە بڕگەی یەکەمدا جەخت لەسەر دامەزراندنی خوێندنگای کچان کرابۆوەو لە بڕگەی دووەمیش داوای لابردنی مارەیی قورس بۆ کچان کرابوو، گوترابوو ئەو پارەیەی بۆ مارەیی خەرج دەکرێ گرنگە لە خوێندنیان خەرج بکرێت (افاری 1377، 16).

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، هەرچەندە ژنانی کۆمەڵگای ئێران هیچ مافێکی بنەڕەتیان لە دەستوردا بۆ دەستەبەرنەکرابوو و، لە هەمانکاندا لە گەڵ بەشێك لە چیینی رۆحانیەت بەرەو ڕووبوون، بەڵام لە بنیادنانی ناوەندە پەروەردەییەکان، ڕێکخراو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان لە ناو کۆمەڵگادا جێگای خۆیان گرتبوو.

لەهەمانکاتدا بێجگە لە ژنان، ڕیفۆرمخوازان و دەستوریخوازان بە گشتی نەخوێندەواریان بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی دواکەوتوویی وڵات دادەنا ،هەردولا باوەڕیان بە پێویستی دێموکراسی لە حکومەتدا هەبوو و سکۆلاریزم و مۆدێرنیزم بۆ پێشکەوتنی داهاتووی ئێرانیان بە پێویست دەزانی بوونی ئەم جۆرە ئایدەلۆژیایانە فاکتەر بوو تا ریفۆرم خوازان هاوکات لە گەڵ ژنان لەپێناو رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا هەوڵ بدەن( الیزساناساریان، 1384، 43)، وەك لێرەدا دەدەکەوێت، (حاج میرزا نصرالله ملك المتکلمین) وتاربێژی بەناوبانگ ولایەنگری دەستوریخوازان نموونەی ئەو هەوڵە بوو، کە ووتویەتی:کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بە دایك و باوکان وهۆشیارکردنەوەیان لەپێناو ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندنگاکان دەرگای پێشکەوتن و بۆ وڵاتەکەمان دەهێنێتە ئاراوە. هەروەها جگە لە وتاربێژان ، پیاوانی ئایینی رۆشنبیری کۆمەڵگاش وەك (میرزا عشقی، بهار ایرج میرزا) لە نمونەی ئەو پیاوانە بوون لایەنگری پێشکەوتنی ژنان بوون لەبواری پەروەردەو فێرکردندا (خارابی، 1386، 259، 260؛ الیزساناساریان، 1384، 44).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە تاسەرهەڵدانی شۆرشی دەستووری ژمارەی خوێندنگاکان زۆر کەم بوون، بۆ نموونە لە شاری تاران ژمارەیان نەگەیشتۆتە پێنج خوێندنگا، بەڵام لە رۆژانی یەکەمی حکوومەتی دەستوریدا و دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی دەستوریخوازان ژمارەی خوێندنگای کچان لە تاران و شارەگەورەکان زیادی کردوە، هەروەها لە گەڵ گرنگی دان بە بواری پەروەردە و پەسەندکردنی یاسای (باجی پەروەردە لە سەر باجی ڕاستەقینە)و پەسەند کردنی دەستوری رۆشنبیری خوێندنی سەرەتایی کرایە زۆرە ملێ و خوێندنگا لە شارەکانی وەك ( تاران، شیراز، مشهەد، کرمان، تەورێز)کرانەوەو(اسفندابادی، 1396، 103؛ شایان فرو دیگران، 1401، 151) هەر لە سەرەتاشەوە بڕیاردرا 46 خوێندنگای نوێ لەسەر داهاتی ئەو باجانە دابمەزرێنریت کە (10) خوێندنگای سەرەتایی تایبەت بە کچان بووەو ئەوەش هانی ژنانی ئازادیخوازی داوە کە بە هەوڵێکی زۆرو خەرجکردنی کات و داهاتێکی زۆرەوە هەوڵبدەن زۆرترین خوێندنگای تایبەت بە کچان بکەنەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژنە ئازادیخواز(طوبی ازموده)بەهاوکاری و رێنوێنییەکانی (میرزا حسن رشدیه) خوێندنگایەکی بە ناوی (ناموس) لە ساڵی 1908 لە تاران کردۆتەوە و هەروەها لەساڵی 1909خوێندنگایەك بە ناوی(حفاف تربیت) لەلایەن دووژنە ئازادیخواز (علوی و طوبی رشدیه)لە تاران دامەزراوە ، بەڵام هەر زوو لەلایەن بەشێك لە کاربەدەستانی دەوڵەت تابلۆکانی سەر خوێندنگاکە لێکراونەوەو شکێنراون و فڕێدراون. هەروەها لە ساڵی 1911چەندین خوێندنگای تایبەت بە ژنان کراونەتەوە وەك:(شمس المدارس، حجاب، خیرات احسان)و هەروەها(سپا سالار تنکابنی) لەسەر ئەرکی خۆی خوێندنگایەکی کردۆتەوە بۆ پەروەردەی ژنان(اسفندابادی ،105،1396؛ فتح ابادی، 1389، 51).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، بەهۆی ئەو رێو شوێنانە لە ساڵانی دواتر تا مانگی نیسانی 1910 نزیك بە ( 50) خوێندنگای تایبەت بە کچان دامەزران و دوای ئەوەش ژنان یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی خۆیان لە پایتەخت بەستوەو و رۆژنامەنووسە بەریتانییەکانیش لەسەر ئەم بزووتنەوەی ژنان راپۆرتیان ئامادەکردووە وهەر لە گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنانیش، هەروەك لە رۆژنامەی شکۆفە کە لە ساڵە 1913 دەرچووە، لیستی ناوی 63 خوێندنگای لە تاران کە تایبەت بە کچان بووەو نزیکەی 2500خوێندکاری کچ تێیاندا خوێندووە بڵاوکردۆتەوە وەك خوێندنگاکانی: (عفاف، اشرف البنات، بنات الاتیام، دوشیزگان، دختران ایرانی، فاطمه، افتخاریه دختران، بنات زهرا ...) [viii] (بابایی راد،1390، 47؛ افاری 1377، 16).

هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاو ئاسانکارییەکان دەرفەتی زیاتری بۆ ژنان ڕەخساند، تا بەئاشکرا بۆچونەکانیان لە چوارچێوەی کردنەوەی چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دەرببڕن، لە گرنگترین ئەو ڕێکخراوانەی لە ساڵی 1907 دامەزران بریتی بوون لە: (انجمن خواتین ایران، انجمن ازادی زنان، اتحادیه غیبی نسوان، انجمن حریت نسوان) کە لە لایەن کۆمەڵێك لە ژنانی ڕۆشنبیر دامەزران و بەرێوەبردراون، لێرەدا مەبەستیان ئەوەبوو توانای خۆیان بسەلمێنن کە دەتوانن گۆرانکاری لە تێڕوانینی کۆمەڵگا و پیاوانی ئاینی و پیاوانی ناو کۆمەڵگا بەگشتی و دەسەڵات بە تایبەتی بکەن. هەر لەو قۆناغەدا (انجمن حریت نسوان) داوای لە باوکان و هاوسەری ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێران کردبوو تا ڕێگە بە ژنان و کچانیان بدەن ئەندام بن لەو ڕێکخراوەو بەشداری کۆبوونەوەکان بکەن بۆ ئەوەی توانای خۆیان بسەلمێنن کە دەتوانن گۆڕانکاری ئەنجام بدەن و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دەست بێنن. (ایرملو، 1382، 413، 414).

بەگوێرەی نوسراوەکان، بێجگە لەو ڕێکخراوانەی ئاماژەیان بۆ کرا،چەند ریکخراوێکی دیکەش وەك: ڕێکخراوی(انجمن مخدرات)کە لەساڵی 1911دامەزرابوو، کاری لەسەر پرسی ژنان کردووە پەیوەندی بەهێزیشی لەگەڵ دەستوریخوازان هەبووە، هەروەها ئەندامەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لە خۆپیشاندانەکانی مانگی دیسامبەری ساڵی 1911 دا هەبوو( قاسم پور و دیگران، 1377، 696)

هەروەها ڕێکخراوی (مخدرات وطن)یش یەکێکی دیکە بوو لەم ڕێکخراوانەی کە لەلایەن (صدیقە دولت ابادی)دامەزرا، بەمەبەستی ڕێکخستنی ژنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژ بە دەسەڵاتی ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی 1911 دامەزراو، کە زیاتر دژ بە فروشتنی کاڵای بیانی و نەفرۆشتنی بەرهەم نێوخۆییەکان کاری دەکرد، بێگومان ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە زیاتربەشێك لە کچان و ژنانی پیاوانی سیاسی و دەسەڵاتداری وەك: (کچی سوپاسالار تنکابنی، هاوسەری صدیق السلطنە، کچی سردار افخم، هاوسەرەکانی ناسرەدین شای قاجار، کچی شێخ هادی نجم ابادی،کە یەکێك بوو لە چالاکانی سیاسی شۆرشی دەستووری، صدیقە دولت ابادی، هاوسەری ملك المتکلمین و هاوسەر میرزا حسین روشدی) پێکهاتبوون (بامداد، 1347، جلد 1، 15).

بۆ دەرخستنی زیاتری ڕۆڵی ژنان لەو ماوەیەدا پێویستە بگوترێت، ژنانی ئێران بە تایبەت لە دوای فەرمانی دەستووری و هەڵوەشانەوەی، یەکێك لە هەوڵە نەتەوەیەکانیان کەهەوڵیان بۆ دا، بایکۆتکردنی کاڵای ڕۆژئاواییەکان و دامەزراندنی بانکی نیشتیمانی لە پێناو بوژانەوەی وڵاتدا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆتایي کانوونی دووەمی ساڵی 1911 (انجمن زنان)تراکتیان بڵاوکردبۆوەو داوایان لە هاونیشتمانیان کردبوو هەنگاوی کاریگەر دژ بە کۆتایي هاتنی داگیرکاری روسیا بگرنە بەرو هەر بۆ ئەو مەبەستەش ژنان چوونەتە قاوەخانەکان و داوای بایکۆتی شەکریان لە خاوەن قاوەخانەکان کرد و داوایان کردووە بەشداربن لە بایکۆتی کاڵاو خزمەتگوزاری ڕۆژئاواییەکان، بێگومان ڕۆژنامەکانی ئێرانیش لە وتارێکدا بە ناونیشانی ( پیاوسالاری ژنان) ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ژنان بە پەلە هاتونە شەقام و گالیسکەکانی سەر شەقامیان ڕاگرتووە داوایان لە خەڵك کردووە بەشداری نارەزایەتییەکان بکەن و ئەرکی نەتەوەیي خۆیان بە جێ بگەیەنن(افاری، 1377، 61؛ مقدم و دیگران، 1400، 224).

هەروەك لە پێشوتردا ئاماژەی بۆ کرا، بەهۆی هاوپەیوەندی لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیي و بزووتنەوەی مافی ژناندا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان و نووسینەکانی مۆرگان شۆستەر کەلە ساڵی 1911دا خراوەتە ڕوو، کاتێك ژمارەیەك لە پەرلەمانتاری ئێرانی لایەنگری رووسەکان بوون لەبەرامبەردا ژنانی ئێران کاردانەوەیان هەبووە و داوایان کردووە پیویستە پەرلەمانتاران هاوشێوەی ژنان و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا دژ بە روسیا و ئینگلتەرا بووەستن و ناچاریان بکەن ئێران بە جێبهێڵن. ئەوەی زیاتر خراوەتە ڕوو ئەوەیە، کە ژنان لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ روسەکاندا، ڕوسەکان هەوڵیانداوە ژنانی ئێران بە ئاگابێنەوە کە ئەوان لە پێناو مافەکانیان لە ئێراندا هەوڵ بدەن چونکە هیچ مافێکیان لە دەستوردا نیە، بەڵام ژنان لە وەڵامدا ووتویانە ئەوانیش هەست بەبێ مافی و بارودۆخی خۆیان لەناوخۆی ئێراندا دەکەن و ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئاڵۆزی سیاسی و داگیرکاری رۆژئاواییەکان( الیزساناساریان، 1384، 40-41).

ئەوەی جێگای سەرنجە ژنانی کۆمەڵگای ئێران هاوشیوەی دامەزراندنی خوێندنگاو ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە پێشکەوتنی کاری خۆیان و دەستکەوتەکانیان نەك هەر بەردەوام بوون، بەڵکو مەوداکەی زیاتر بوو و لە ساڵانی دواتردا ڕەهەندەکانی خەباتیان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بووە، بەڵام لە قۆناغی دووەمی دەستورگەرایي لە نێوان ساڵانی( 1909-1911) ژنانی ئێران لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیان و دامەزراندنی ریکخراوەکانیان، وەك: بڵاوکراوەی گۆڤاری (دانش) کە یەکەم گۆڤاری تایبەت بە ژنان بووەو لە لایەن د. کاهال ساڵی 1910 دەرچووەو نزیکەی (30) ژمارەی لێدەرچووە و دواتر ساڵی 1913 داخراوە و هەروەها بە هاوکاری چەندین ژنی وەك: (بانوملك متکلمین، صدیقە دولت ابادی، شاهزادە اصیل،ماهرخ گوهرشناس)لە ساڵی 1911دا دوو ڕێکخراویان بە ناوی(خواتین ایران و شرکت خیریە خواتین ایران) بۆ هاوکاری کەم دەرامەتان لە تاران دامەزراندووەو(سعیدی، 1385، 321، 323) دەنگیان بەرز کردۆتەوەو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانیان تێدا خستۆتە ژێر پرسیار کە لە ژێر هەژموونی فەرهەنگی و نەریتی و پیاوسالاریدا ماوەتەوە، لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێك ڕۆشنبیری پێشکەوتووخوازیش لە دەرەوەو ناوەوەی پەرلەمان پشگیری ژنانیان کرد و بەمەش ژنان زیاتر پرسەکانی خۆیان لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نەتەوەیي وروژاندووە (افاری ، 1377، 13، 63؛ دلریش، 1375، 112).

بەو هۆیەشەوە لە قۆناغی دووەمی شۆرشی دەستووری لە لایەن بەشێك لە ریفۆرمخواز و پەرلەمانتاران لە 12ی دیسەمبەری 1911) مافی دەنگدانی ژنانیان هێناوەتە بەرباس، هەروەك (حاج محمد تەقی) نوێنەری هەمەدان لە نێو پەرلەمان داوای یەکسانی ڕەگەزی کردووە و لە وتارێکدا ڕایگەیاندووە پێویستە ژنان مافی دەنگدانیان هەبێ و هەر لە نێو پەرلەمانیش داوای لە پیاوانی ئاینی کردووە پشگیری لە مافی دەنگدانی ژنان و بەشداری سیاسی خۆیان ڕابگەیەنن، بە هەمان شێوە (حاج وەکیل الرعایە) یەکێکی دیکە بووە لە پەرلەمانتاران، ووتویەتی مۆڵەتم پێبدەن بپرسم بە چ بەڵگەیەك دەبێ ژنان مافی دەنگدانیان نەبێت؟ ئایا وەك مافی یاسایي خاوەن ماف نین؟ بۆیە داوا لە پەلەمانتاران و پیاوانی ئاینی دەکەم وەڵامم بدەنەوە؟ بە گوێرەی زانیارییەکان بە پێچەوانەوە بەشێك لە پەرلەمانتارن و بەشێك لە پیاوانی ئاینی دژی وەستاونەوە، بۆ نمونە (شێخ اسداللە) لە وڵامدا وتویەتی: (نابێ باسی ئەو بابەتە بکرێ، چونکە دوورە لە بنەماکانی ئیسلام و هۆکاری بێ بەشبوونی ژنانیش ئەوەیە کە خوای مەزن توانا و بەهرەی پێ نەبەخشیون تا بەشداری لە کاروباری سیاسیدا بکەن و نوێنەرایەتی نەتەوەیەك لە وڵاتدا بکەن، چونکە ئەوان ڕەگەزی لاوازن و توانای حوکمڕانی وەك پیاوانیان نییە و بێگومان نابێ مافیشیان پێشێل بکرێ، بەڵکو دەکرێ هاوشێوەی پیاوان بپارێزرێ وەك ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی (الیزساناساریان، 1384، 44-45).

لە کۆتایي ئەم تەوەرەیدا دەکرێ بگووترێت کە لە نێوان ساڵانی ( 1906- 1911)، لە گەڵ ئەوەی نەیتوانی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژنان یەکلایي بکاتەوە، بەڵام

قۆناغێکی گرنگ بوو، چونکە جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی مافی ژناندا هەبووەو سەرەڕای ئەوەش دەکرێ بە وەچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی خەباتی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا دابنرێت، چونکە ئەم قۆناغە، وەك پاشخانێکی فیکری لە گرنگترین زەمینەکانی پێکهاتنی بزووتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا بوو، وەك دەردەکەوێت لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی ژنان خۆی لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان و دامەزراندنی ڕێکخراو و خوێندنگاو جوڵانەوە نەتەوەییەکاندا دەبینیەوە، بێگومان ئەوەی زیاتر ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێرانی لەو سەردەمەدا هاندا بێنە مەیدان، دامەزراندنی یاسای بنەڕەتی و پەرلەمان لە ئێراندا بوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو بکرێت کە لە دوای کۆتایی هاتنی شۆرشی دەستوری تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەناوی هیچ خوێندنگاو ڕێکخراو بڵاوکراوەی تازە دامەزراو نەکراوە. لە دوای ئەم قۆناغەش دەرکەوتنی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکارو دەرهاویشتەو گۆڕانکاری نێودەوڵەتی کە لەسەر پرسی ژنان هاتبوونە کایەوە.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی  ژنان لە ڕێکخراو و بڵاوکراوە و خوێندنگاکاندا 1918-1925.

هەرچەندە ئێران لەجەنگی یەکەمی جیهانی دا بێلانی بوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام دۆخی ئێران بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگەوە بەرەو خراپی و لێك هەڵوەشانەوە هەنگاوی دەنا؛ وڵاتانی رۆژئاوا لە دوای جەنگ بە تەواوی دەسەڵاتیان بەسەر ئیراندا زاڵ ببوو(مدنی، 1378، 63، 64). ئەمەش لە کاتێکدا بوو هێشتا چینی رۆحانیەت دەورو نەخشی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەروەهاچەندین ساڵ بوو پێگەیەکی بەهێزیان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا هەبوو و بە توانا و هێزی ڕۆحانیەتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینی خۆیان و ئامانجی هاوبەش تێدەکۆشان (شمیم، 1379، 373). لە کاتێکدا پیاوانی ئایینی دەسەڵاتێکی رەهایان هەبووە، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی هەر دەسەڵاتدارێك لە ناوخۆی وڵاتدا لە پێناو مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگاو گەشەدان بە ڕەوتی حوکمڕانی هەوڵدراوە لە گەڵ پەرەدان بە بوارە (ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان) و رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگاو ڕەوتی ریفۆرم لەو چوارچێوەیەدا گرنگی بەپرس و مافەکانی ژنان بدرێت، هەربۆیە ئەو هۆکارانە و دەرهاویشتەی چەندین فاکتەری دیکە، هەروەك لە پێشووتردا ئاماژەیان بۆ کراوە، کاریگەری زیاتری لەسەر دەرکەوتنی ژنان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەبووە.چۆن چەندین گۆڕانکاری نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ژنان هاتبوونە کایەوە، بۆ نموونە، لە بەریتانیا پارێزەرانی مافی دەنگدان بۆ ژنان دەرکەوتن و لە ساڵی 1918دا سەرکەوتنیان بە دەست هێنابوو، لە ئەمریکاش بە هەمان شێوە لە ساڵی 1920 ژنان سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، هەروەها لە وڵاتە دراوسێکانی ئێران، کۆمەنیستەکان بە دەسەڵات گەیشتبون، بەو هۆیەشەوە ڕوانگەی مارکسی و لینینیەکان سەبارەت بە ماف و پرسی ژنان لە چاوی ڕوناکبیرانی ئێرانی نەدەشاردرایەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە بە تەواوی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی هێزە رۆژئاواییەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت( ساناساریان، 1384، 66-68).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بێجگە لە هۆکاری ناوخۆیی ونێودەوڵەتی، هۆکاری هەرێمایەتیش کاریگەری ئەرێنی لەسەر زیاتر کارکردن لەمەڕ پرسی ژنان هەبووە، ئەو کاریگەریەش لە چاوی بەشێك لە کۆمەڵگای ئێران  و ژنانی کۆمەڵگای ئێران بە دوور نەبووە.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لە سەردەمی قاجاردا لە هەندێ قۆناغی مێژوویی دیاریکراودا، وەك بزووتنەوەکان و شۆرشەکان لە گەڵ ئەوەی لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ویاسادانان شکەستیان هێنا، بەڵام هێڵەکانی بە ئاگاهاتنەوەی ژنان لە سەردەمی قاجارەوە دەستی پێکردووەو تا دوای شۆرشی دەستووری لە پەرە سەندندابووە، بە واتایەکی دیکە ژنان لە جاران بوێتر هاتونەتە مەیدان و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی باوەڕیان وابوو گرنگ و پێویستە بە شێوازێکی دیکە بژین و لەسەر ئەو باوەڕەش دەستیان کرد بە شۆرشێکی  نوێکرد، کە لەمێژووی هاوچەرخی ئێران بە یەکێك لە سەردەمەکان ئەژماردەکرێ، کە تێدا ژنان چالاکیەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکراترلە چوارچێوەی چەندین ڕێکخراو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان لە ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران و دەرەوەی ئێران پەرپێبدەن( دلریش، 1375، 111 ؛ همایون، 1354، 46).

لێرەدا لە ئەنجامی بارودۆخ و ئەو فاکتەرانەی ئاماژەیان بۆ کراوە، ژنان لە دواساڵانی 1918 پەرەیان بە کردنەوەی ڕێکخراو دامەزراوەو خوێندنگاو بڵاوکراوەی زمانحاڵی ڕێکخراوەکانیانداوە، بۆ نمونە: لە دوای  کردنەوەی ڕێکخراوی(شکوفە) لەلایەن ژنانەوە پێشوازی زۆری لێکراوەو ژمارەی ئەندامەتی ژنان لەو ڕێکخراوە بە نزیکەی (5)هەزار ئەندام خەمڵێنراوە،   سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن  لە هەفتەیەکدا نزیکەی 500کەس لەو ڕێکخراوە بوون بە ئەندام. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە، بەررزکردنەوەی توانای ژنان لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، گرنگی دانبووە بەکردنەوەی خوێندنگای تایبەت بەکچان و ئاشناکردنی ژنان بە بنەما ئەخلاقیەکان وهاندانی ژنان بۆ سوود وەرگرتن لەبەرهەمە دەستی و هونەرییەکان و فێرکردنیان. (همایون ، 1354، 38؛ ایرملو، 1382، 413) ئەو ڕێکخراوە لەساڵی1920لەتاران بڵاوکراوەیەکی بە ناوی(شکۆفە) دەرکردووە، سەرنووسەرەکەی(مریم مزین السلطنه)ی  کچی میرزا سەید ڕەزا بووە. ئەو بڵاوکراوەیە  بێجگە لەوەی باسی لەپەروەردەکردنی ژنان لە بواری پەروەردەیی و بەخێوکردنی منداڵ و ماڵداری  کردووە، لە هەمانکاتدا لە بواری (ئابووری و یاسایی و سیاسی)شدا گرنگی و ڕۆڵی ژنانیان بۆ کۆمەڵگای ئێران بە پێویست زانیوە. لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا پرسی دامەزراندنی خوێندنگای تایبەت بە کچان و مافی خوێندن بۆ کچان و ژنان گرنگترین و ناوەندیترین بابەتی ئەو گۆڤارە بوون( دلگشا، 2019، 70، 71؛ سعیدی، 1385، 322).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە،یەکێکی دیکە لەو ژنانەی کە ڕێکخراوی (مخدرات وطن)دامەزراندووە صدیقه دولت ابادی[ix] بووە، ناوبراو پێشوتر ئەزموونی دامەزراندن و کارکردنی ریکخراوەیی هەبووە و لە ساڵانی دواتریشدا وبە تایبەت لەدوایی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو ڕێکخراوە بە ئاشکرا پەرەی بە چالاکیەکانی  خۆی داوە، ئامانجی ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆیی وڵات بووە وئەندامەکانی  هەمیشە لە چالاکیە سیاسیەکانی وڵاتدا بەشدار بوون. ئەوەی دەردەکەوێت ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە خۆپێشاندانەکانی دژ بە دەسەڵاتی ناوخۆو داگیرکاری رۆژئاوایەکانیش هەمیشە نەخش و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبووە و تەنانەت ڕایانگەیاندووە ئامادەن لەپێناو وڵاتدا بمرن. لەهەمانکاتدا صدیقه دولت ابادی لە (ڕێکخراوی مخدرات وطن)دا گرنگی داوە بە بواری پەروەردەو فێرکردن بۆ کچان و چەندین خوێندنگای ، وەك خوێندنگای (شەریعەت) لە ئەسفەهان و هەروەها خوێندنگای (شەو و ڕۆژ)ی دەوڵەتی بۆ ئەو کچانەی لە بنەماڵەی هەژار بوون کردۆتەوە،کە نزیکەی 100خوێندکاری هەبووە. ئەوەی لە سەرچاوەکاندا خراوەتەڕوو(صدیقه دولت ابادی)بە هۆی فشاری بنەماڵەکەیەوە نەیتوانیبوو ببێت بە بەڕێوەبەری  ئەو خوێندنگایە، بۆیە کەسێکی نزیکی خۆی داناوە،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp156-166

بەڵام دوای سێ مانگ لە لایەن دژبەرانی، ئەو خوێندنگایە داخراوە. (ایرملو، 1382، 412-411؛ ساناساریان، 1384، ،58،59).لە گەڵ ئەوەشدا صدیقە دولت ئابادی گرنگی زۆری داوە بە کردنەوەی کۆمپانیای تایبەت بە ژنان وهەروەها ڕێکخراوی زیاتری تایبەت بە ژنان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی 1921 ڕێکخراوی (ازمانیش بانوان )ی لە تاران دامەزراندووەو ئەو کۆمەڵەیە تا ساڵی 1937 بەردەوام بووە و گۆڤاری (زبان زنان)یشی کە لە ساڵی 1919 دا دەریکردووە،کردۆتە زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوەیە (صلاح،1384، 42).

هەرلەو چوارچێوەیەشدا لە ساڵی 1921یشدا ئەم گۆڤارە کە بە سێیەم بڵاوکراوەی ژنان دادەنرێت لە تاران و ئیسفەهان و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش دەرچووە کردۆتە زمانحاڵی ڕێکخراوی ( ازمایش بانوان)، بە گوێرەی نووسراوەکان (دلریش، 1375، 112) ئەو بڵاوکراوەیە گرنگی خۆی هەبووە و ڕەخنەی زۆری لەبارودۆخی ژنان لە ئێران گرتووە وخاوەن ئیمتیازی ئەو گۆڤارەش هەر بۆخۆی بووە. لێرەدا بەڕوونی دەکرێ بگوترێت، ئەم گۆڤارە نوسەرەکانی تەنیا لە ژنان پێکهاتبوون و لەنوسینی وتارەکانیاندا بێجگە لە ڕەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك،(دەستەبەرکردنی مافی خوێندن بۆ کچان و ژنانی وڵات و دابینکردنی بەشی ناوخۆیی بۆکچانی کەم دەرامەت و ڕێگری کردن لە بەشودانی کچانی تەمەن 8بۆ 9 ساڵ و دامەزراندنی گروپێکی تایبەت بە ژنان لە پێناو بەئاگاهێنانەوەی ژنان)، هەوڵیانداوە باس لە مافی سیاسی و ئابووری ژنانیش بکەن، کە ژنانیش هاوشێوەی پیاوان ومافی دەنگدان و بەشداری سیاسیان هەبێت( دلگشا،2019، 73).

هەروەك لە پێشووتردا ئاماژەمان بۆ کردووە دوای ئەوەی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە ڕێگری لە ناوبراو کراوە ببێتە بەرێوەبەر، هەموو ئەوانە وایان کردووە، دولت ابادی پەیوەندی خۆی لەگەڵ برا ئاینییەکەی بپچرێنێت و لەو ناوەدا لە ڕێگەی بڵاوکراوەی (زبان زنان) بە ڕاشکاوی و بێ ترس بکەوێتە دژایەتی کردنی سەرپۆش و داوای مافە یاسایی و مەدەنییەکانی ژنان بکات، لە گەڵ ئەوەشدا بەهۆی دژایەتیکردنی هێزە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت کاتێك بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی کابینەی وثوق الدولە ڕێکەوتنی ساڵی (1919) یان مۆرکردووە، ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕێگەی نووسراوەکانی هێرشی کردۆتە سەر ئەنجامدەرانی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەو هۆیەشەوە ئەو بڵاوکراوەیە بۆ ماوەی یەك ساڵ و یەك مانگ لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران دەوەستێنریت، ئەوەی باس دەکرێ هەرچەندە ناوبراو بەهۆی ئەو بڵاوکراوەیە دۆخی ژیانی کەوتۆتە مەترسیەوە، بەڵام لە هەوڵەکانی بەردەوام بووەو توانیویەتی دەزگای بڵاوکراوەکەی لە دژبەرانی بپارێزێت.بە گوێرەی نووسراوەکان ئەو بڵاوکراوەیە هەر ڕۆژێك نزیکەی(2500) دانەی لێ فرۆشراوە و تەنانەت خوێنەری پیاوان لە خوێنەری ژنان زیاتر بووە ( صلاح، 2019، 42؛ همایون، 1354، 39؛ خراسانی،1390، 30). ئەوەی لێرەدا گرنگە بخریتەڕوو ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار ژنێکی ئێرانی توانیویەتی ڕۆژنامەیەکی سیاسی دەربکات و هەڵوێست و بیرۆکەکانی خۆی بۆ ڕێکخستن و گۆرینی کۆمەڵگای ئێران بخاتەڕوو( سعیدی، 1385، 320).

هەرچۆنێك بێت، لە قۆناغی بەدواداچوون بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان لەسەردەمی قاجار، یەکێکی دیکە لە بڵاوکراوەکانی ژنان کە بە چوارەم بڵاوکراوەی ژنان دادەنرێ، گۆڤاری (نامە بانوان) بووە لەساڵی 1920لە تاران دەرچووە، سەرنوسەرەکەی (شهناز ازاد) بووە. لەوگۆڤارەدا ئەو نووسینانەی تایبەت بە ژنان یان تایبەت بە پرسە نەتەوەییەکان بوون بڵاوکراونەتەوە، هەربۆیە بەڕوونی لە ژێر گۆڤارەکەدا نووسراوە(بە ئاگاهێنانەو ڕزگارکردنی ژنانی ئێران). ئەو بڵاوکراوەیە لە وتارێکیدا بە هۆی دژایەتی کردنی سەرپۆش، سێ ڕۆژ دوای دەرچوونی ڕاگیراوە، دوای (دوو) جار ڕاگیرانی بە مەرجێك ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێدراوە کە باسی عەبا لە گۆڤارەکەیدا نەکات، بەڵکو شیبکاتەوە کە مەبەستی عەبای ژنان نییە(موسوی و دیگران، 1392، 127). بە گوێرەی نووسراوەکان ئەو بەربەستانە نەبوونە ڕێگر لە بەردەم ژناندا، بەڵکو هەوڵیانداوە لەڕێگەی هۆنراوە لەو بڵاوکراوەیەدا ڕەخنە لەبارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران بگرن، هەروەك کۆمەڵێك ژن وەك( شهناز ازاد، مریم رفعت زادە، هوماخانم محمودی، بلقیس نوران، فاطمە ادیبە زمان و هتد...) لە هۆنراوەکانیدا ووتویانە :

(امید است از همت بانوان به تحصیل کوشند دوشیزگان)

واتە:( ئومیدیك هەیە لە ئەنجامی هەوڵەکانی ژنان، کچان دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن).

هەر لە هۆنراوەیەکی دیکەدا ووتویانە :

(مگر نصف ایران نباشد زنان
کە ان نصف باشد چون مردگان
بس ظلم گردد بە ایران زمین)( دلگشا، 2019، 75).

واتە:( ئەگەر نیوی ئێران ژنان نەبن، ئەوا نیوەکەی تر وەك مردوو دەبن، واز لە دڕندەیی لە ئێران بێنن).

شایانی ئاماژە پێدانە کە، ئەم بڵاوکراوەیە بۆ ماوەی 14 ساڵ بەردەوام بووە تا لە سەردەمی ڕەزاشا داخراوەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەردەوام پشگیری لەو خوێندنگا ئەمریکیانە کردووە کە لە ئێران تایبەت بە کچان کراونەوە(موسوی و دیگران، 1392، 127).

بێجگە لە هەوڵەکانی (صدیقە دولت ابادی و شهناز ازاد) کۆمەڵێك لە ژنان جگە لە تاران و ئسفەهان لە شارە جیاوازەکانی تری ئێران کۆمەڵەو ڕێکخراو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنانیان دامەزراندووە، هەروەك دەبینرێ لە ساڵی 1921لە (رشت) کۆمەڵەیەك بەناوی(پیك سعادت نسوان) دامەزراوە، کە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە(سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان)ی ژنان بووە و هەوڵی کردنەوەی خوێندنگای سەرەتایی وناوەندی و دامەزراندنی کتێبخانەی تایبەت بە ژنانی داوە(دلریش، 1375، 112).چونکە لە هەندێ لە شارە بچوکەکان و هەروەها لە پارێزگاکانیش لەو سەردەمەدا خوێندنگا بۆ قۆناغی سەرەتایی نەبوو کە تایبەت بە کچان بێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی شاری (رشت) یەکێك لە شارە دگمەن و گرنگەکان بوو و سەرە ڕێگەی وڵاتە گەورەکان بوو، دانیشتوانەکەی بە ئاسانی تێکەڵاوی شارستانیەت و فەرهەنگی ئەوروپی بوون زۆر بە زووی لەو شارە بێجگە لەخوێندنگای سەرەتایی تەنانەت خوێندنگای دواناوەندیش کراوەتەوە ( دیبا، 2013، 18).

هەر لەو چوارچێوەیەدا(محترام اسکندری) [x] یەکێکی دیکە لەو ژنانە بووە کە ڕێکخراوی(نسوان وطن خواە)ی دامەزراندووە، بە گوێرەی سەرچاوەکان ناوبراو پێشینەیەکی مێژوویی لەهەوڵدان لەپێناو مافەکانی ژناندا هەبووە، چونکە ناوبراو لە پێشووتردا هەرلەتەمەنی مێرمنداڵی لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی 1911ودامەزراندنی بانکی نیشتیمانی و بایکۆتی کاڵای بیانی و پشتگیری کاڵاو کەل و پەلی نێوخۆیی بەشداریکردووە( عمرانی، 1375، 48).

محترم اسکندری لەساڵانی( 1922 و 1924)دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی بەناوی (نسوان وطن خواە) گۆڤارێکی لە تاران وەك زمانحاڵی ڕێکخراوەکەی دەرکردووە، مانگانە یەکجار دەرچووە و خاوەن ئیمتیازەکەی ژنێك بەناوی(ملوك ئەسکەندەر)ی بووە. لە گەڵ ئەوەی ئەو بڵاوکراوەیە مانگانە بووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی و

بەربەستەکان لەبەردەم ئەو بڵاوکراوەیەدا بە شێوەی پچڕ پچڕ دەرچوە(صلاح،1384، 46). وەك دەرکەوتووە، ئەو بڵاوکراوەیە و (نسوان وطن خواه) هاوشێوەی بڵاوکراوە و ڕێکخراوەکانی دیکە ئامانجی: گرنگی دان بووە بە بەرهەمی ناوخۆیی و هاندانی کچان و ژنانی وڵات بۆ بڵاوکردنەوەی پیشە نیشتمانییەکان. هەروەها لەکاتی ڕووبەڕوبوونەوەکاندا لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە پێویستە یارمەتی پارێزەرانی وڵات بدرێ. بێجگە لە مانەش کاری لەسەر پرسی ژنان و ڕۆشنبیرکردن و بە ئاگاهێنانەوەیان لە ماف و ئازادییەکانیان کردووە و صدیقە دولت ابادیش سەرباری ئەوەی ڕێکخراو بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام هاوکاری ئەو بڵاوکراوەیەش بووەو ووتاری تێدا بڵاوکردۆتەوەو ووتویەتی کە ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێران بە بەراورد بە ژنانی ڕۆژئاوایی بەهۆی سەرپۆش و دابو نەریتەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەچەوسێنرینەوە . لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ، کە محترم اسکندری و صدیقە دولت ابادی بە هاوکاری یەکتری هەوڵی بەئاگاهینانەوەی ژنانیان داوە و هەربۆ ئەو مەبەستەش محترم اسکندری داوای لە پەرلەمانی ئێران کردووە تا ئیمتیازی فێربوون و خوێندەواری بۆکچان بچێتە بواری جێبەجێکردن و بە گرنگیەوە پاڵپشتی کچانی بێ باوك بکرێت. هەروەها یاسایی تایبەت بەکچان و ژنانی گەورە ساڵان بۆ خوێندن هەبێت وهەرلەو چواچێوەیەشدا نەخۆشخانەی تایبەت بە ژنانی کەم دەرامەت بکرێتەوە. شایانی ئاماژە بۆکردنە ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی 1926 ناوەکەی دەگۆڕدرێت بە ناوی (بیداری زنان) و بڵاوکراوەیەکیشی هەر بە ناوی بیدارە زنان هەبووەو لەو کاتەشدا گرنگی زۆری بە مەسەلەی نەتەوەیی و مافی ژنان و هاندانی ژنان بۆ پشگیری لە جل و بەرگی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی کێشەی مەسەلەی سەرپۆش داوە(مسعودنیا و دیگران، 1392، 58، 65)؛ ( همایون،1354، 39؛ صلاح،1384، 47).

بەشێوەیەکی گشتی هەر لەچوارچێوەی ڕۆڵی ژنان لەدامەزراندنی ڕێکخراوەکاندا، (عالم نسوان) یەکێکی دیکەیە لەو ڕێکخراوانەی کە لە ساڵی 1921دامەزراوەو بڵاوکراوەیەکی هەر بە ناوی ڕێکخراوەکە لە تاران دەرکردووە، کە دوو مانگ جارێك بڵاوبۆتەوە و بێجگە لە تاران لە دەرەوەش دەرچووە و سەرنوسەری ئەو بڵاوکراوەیە ژنێك بە ناوی (نوابە صفوی) بووە،کە لە خوێندنگایەکی ئەمریکی تایبەت بە کچان لە ئێران خوێندوویەتی، ئەم بڵاوکراوەیە ووتاری تایبەت بە هەواڵی بزووتنەوە فیمینیستەکانی بڵاوکردۆتەوەو بێجگە لەوەش لە زۆربواردا دژی بیروبۆچوونەکانی بەشێك لە روحانیەت لە کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. ئامانج، لە دامەزراندی ئەو ڕێکخراوە،گەشەدان بووە بە بزووتنەوە فیمینیستیەکان و چونکە هەر لەناو ئەوبلاوکراوەیە وتارێك بە ناونیشانی ( ژنان مرۆڤ نین؟) بڵاوکراوەتەوە و تێدا نووسراوە ئێمەی گەلی ئێران ئەوەندە لە ئەخلاق و مرۆڤایەتیدا کەم و کورتیمان هەیە کە ژنان لە ترسی ستەم و زۆرداری، لە ناو تاریکی ماڵدا ژیان بەرێدەکەن. هەر لەو بڵاوکراوەیە لە ووتارێکی دیکەدا لە ژێر ناونیشانی (بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات)، ئەوە خراوەتەڕوو کە بزووتنەوەی ژنانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گەشەسەندن دایەو هەربۆیە ژنانی کۆمەڵگای ئێرانیش دەبێ هاوشێوەی ژنانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەو کفنە بینە دەرێ کە بە ناوی سەرپۆش و کلتوری کۆمەڵگا بەسەریاندا سەپاوە. بێجگە لهوەی خراوەتە ڕوو ئەو بڵاوکراوەیە بەردەوام هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ژنان و کچانی وڵاتیان لە ڕووی (ڕۆشنبیری، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بواری تەندروستی و شێوازەکانی ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵ) دا داوە ( ساناساریان، 1384، 63؛ صلاح، 1384، 49).

لێرەدا پێویستە بگوترێت کە هەریەکێك لە بڵاوکراوەکانی (شکۆفە)و(جمعیت نسوان وطن خواە)دوو لەو بڵاوکراوە میانڕەوەکان بوون، بەڵام لە بەرامبەر دا بە یارمەتی ڕۆژنامەکانی تری وەك (زبان زنان) بیرۆکە ڕادیکاڵەکانیان بڵاوکردۆتەوە و لەبەشێك لە ڕۆژنامەکانی دیکەی ژنان وەك (عالم نسوان) تایبەت بە بڵاوکراوەی میانڕەوی و ڕادیکاڵ بوون.(شایگان فرودیگران، 1401، 105)، بێگومان بێجگە لەو بڵاوکراوانە، بڵاوکراوەیەکی دیکە کە لە لایەن ژنێك بە ناوی (افاق پارسا) لە شاری مەشهەد بڵاوکراوەتەوە، بەناوی (جمعیت زنان یان جهان زنان ) کەلە ساڵی 1922دا دەرچووە، بە هەمان شێوە ووتارەکانی سەبارەت بە خوێندەوارکردنی ژنان، میانڕەو بوون (ساناساریان، 1384، 62)یەکێك لە تەوەرە گرنگەکانی ئەم گۆڤارە، گرنگی دان بووە بە مافە (مەدەنی و سیاسیەکان)ی ژنان و بەراوردکاری دۆخی ژنانی کۆمەڵگای ئێران لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت ڕەخنەیان لە بەشێك لە پیاوان گرتووە کە ژنان وەك ئامرازێك تەنیا بۆ حەزی جنسی خۆیان بەکاریان دەهێنن( دلگشا، 2019، 77). بەڵام دواتر بەهۆی بڵاو کردنەوەی بابەتێك لە سەر یەکسانی مافی ژنان لە کۆمەڵگاداو هەروەها تاوانبارکردنی ئەندامەکانی ئەو بڵاوکراوەیە بە دژایەتی کردنی ئیسلام، (افاق پارسا) بۆ تاران دوور دەخریتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا ناوبراو ناوەستێ و بەردەوام دەبێ لە بڵاوکراوەکەی، هەربۆیە بەهۆی زیاتری دژایەتی کردنی لە لایەن پیاوانی ئاینی لە تاران دووردەخریتەوە بۆ شاری (اراك)، بەوهۆیەشەوە (افاق پارسا) بۆ شاری قوم هەڵدێت و تا ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە و هەر لەو ساڵەدا دەبێت بە ئەندام لە یەکێك لە توندڕەوترین ڕێکخراوی ژنان بە ناوی (عالم نسوان) و لە کارەکانی بەردەوام دەبێت(ساناساریان، 1384، 62).

لە کۆتایی ئەو تەوەرەدا دەکرێ بگوترێت، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجار کە بە تەنگەژاوترین ماوەکان لە مێژووی ئێران و کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران دادەنرێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر گشت سێکترەکانی نێو کۆمەڵگادا هەبووە، ژنانیش وەك چینێك لەو کۆمەڵگایە لەو تەنگەژەیە بێبەش نەبوون.بەڵام لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم و لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجارییەکان نیشانەکانی ڕوناکبیری لە نێو بزووتنەوەکانی ژنانی ئیراندا چووە قۆناغێکی پێشکەوتوتر.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەو توێژینەوەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. ژنانی کۆمەڵگای ئێران لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بە هۆی داب و نەریتی سوونەتی زاڵ بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشینەی ئاینی لە وڵاتداو ڕۆڵی ڕۆحانیەت لە کۆمەڵگادا کە ڕیشەی بۆ مێژوویەکی قوڵتر دەگەڕایەوە، لە گشت مافە یاسایی و کۆمەڵایەتی مەدەنی و سیاسییەکان بێبەش بوون و بەبێ مێشك و نەزان دادەنران.

٢. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤ و ڕاپەرینەکان و بەتایبەتی لەسەردەمی شۆرشی دەستووری و هاتنەکایەی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان، بەمۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێران و دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕوناکبیری لەناوخۆی ئێران بەگشتی و لەنێو ژنانی ئێراندا بە تایبەتی و ئاوێتە بوونی بەشێك لەکۆمەڵگای ئێران لەگەڵ کلتوری ڕۆژئاوایی بارودۆخی ژنان کەوتە بەر شاڵاوی گۆرانکارییەکان و ژنان لە چالاکییەکانیان لە ئاستی تاکەکەسی هاتونەدەرو بە هاوکاری و هاوپەیوەندی یەکتری و بەشێوەیەکی جەوهەری لەسەر مافەکانی ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێران کاریان کردووە.

٣. هەرچەندە نوێگەرایی لە یاسادانان و بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان لەئێران لەسەردەمی بنەماڵەی قاجاردا ڕووکەشی بووە، بەڵام بەهۆی ئەو ئاڵوگۆرە نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتیانەی کەلەسەر پرسی ژنان لە جیهاندا ڕویانداوە، ڕەنگدانەوەی قوڵی لەسەر ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێراندا هەبووە، ئەمەش فاکتەرێك بووە تا ژنان چالاکانەترو ڕاشکاوانەتر گرنگی بە بواری پەروەردەیی بدەن و خوێندنگاو بلاوکراوەو ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دابمەزرێنن.

## سەرچاوەکان:

دیبا، فریدون.(2013)- کچەکەم فەرەح( لە یاداشتەکانی فەریدەی دیبا دایکی فەرەح پەهلەوی شاژنی ئێران)، و: سەمیر حەسەن، سلێمانی: لە بلاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما.

بازیار، ئیسماعیل.(1381) ـ دژایەتی شۆرشی مەشروتە لە پێناو چی دا؟، گۆڤاری تیشك( گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیری گشتی)یە، ساڵی پێنجەم، ژمارە (10)،لە بلاوکراوەکانی کومسیونی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەعید، اسماعیل عبدالرحمان.(2015) بابیە بزاڤێکی دینی یا سیاسی کۆمەڵایەتی (1848- 1852)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی کۆیە دەری دەکات، ژمارە (35)ة چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ابراهامیان، یرواند. (1389 )ـ تاریخ ایران مدرن، ترجمە. محمد ابراهیم فتاحی، چاپ چهارم، چاپخانە نشرنی، تهران.

ابراهامیان، یرواند.(1383) – ایران بین دو انقلاب، ترجمە احمد گل محمدی و ابراهیم فتاحی، چاپ نهم، تهران.

ادمیت، د. فریدون.(1340) ـ فکر ازادی مقدمە نهضت مشروطیت، چاپخانە. تابان، انتشارات سخن.

ادمیت، د. فریدون.(1349)- اندیشەهای میرزا فتحلی اخوندزادە، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چاپ اول، تهران.

ارین پور، یحیی.(1387) – از صبا تا نیما، نشر، سازمان انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ نهم، تهران.

افاری، ژانت.( 1377): انجمن های نیمەسری زنان در نهضت مشروطە، ترجمە، د. جواد یوسفیان، ، چاپ اول ، نشر بانو، چاپ و صحافی سجاد ،بهار، تهران

ایرملو، د. رضا.(1382)- توسعە مدرنیسم و اسلامگرایی در ایران و ترکیە، ت، جمعی از عقلاقمندان بە دانش اجتماعی، نشر انتشارات اینواند، سوید.

خارابی، د. فاروق.(1386)- انجمن های عصر مشروطە، ناشر، انتشارات موئسسە تحقیقات و توسعە علوم انسانی، ، چاپ و صحافی رامین، چاپ اول، تهران.

خراسانی، نوشین احمدی.(1390)- حجاب و روشنفکران، بدون موسسە نشر، چاپ اول، تهران

دالمانی، هانری ری.(1378)- از خراسان تا بختیاری، جلد اول، نشر، طاوس کتابخانە ملی ایران، چاپخانە رخ، چاپ اول، تهران.

دلریش، بشری.(1375) – زن در دورە قاجار، چاپ اول، چاپ و صحافیموسسە انتشارات سورە، نشر، کتابخانە تخصص ادبیات.

رائین، اسماعیل. (2535): انجمن های سری در انقلاب مشروطیت، چاپ دوم، انتشارات جاویدان.

رجبی، محمد حسن(1374) – مشاهر زنان ایرانی و پارس گوی از اغاز تا مشروطە، چاپ اول، انتشارات سروش انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران.

ساناساریان، الیز.(1384) – جنبش حقوق زنان در ایران طغیان و افول سرکوب از 1280 تا انقلاب 1357، ترجمە، نوشین احمدی خراسانی، نشر، اختران، کتابخانە ملی ایران، تهران.

صلاح، مهدی.(1384) – کشف حجاب زمینەها، پیامدها و واکنشها، موسسە مطالعات و پژوهشهای سیاسی ، مرکز تحقیقات رایەنەها، اصفهان.

عضدالدولە، احمدمیرزا.(1362) – تاریخ عضدی، چاپخانە رستمخانی، نشر، انتشارات سرورگوهردشت کتابخانە دهخدا.

عمرانی، شادیار.(1375)- زنان تاثیرگذار ایران( سیاست ، اموزش، کنشگری)، نشر، کجانا، تهران.

مدنی، سید جلال الدین.(1378)- تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد1، چاپ نهم، چاپخانە دفتر انتشارات اسلامی، قم.

اسفندابادی، خدریجە کارگر. (1396) – زنان و توسعە مدارس( عصر مشروطە تا سقوط پهلوی دوم)، فصلنامە تخصص علوم سیاسیی، سال سیزدهم، شمارە (39).

بابایی راد و دیگران، بیتا و شبنم حاتم پور.(1390): زن و حولات سیاسی از قرن 7 تا پایان دورە پهلوی، فصلنامە علمی پژەهشی، شمارە ششم، زمستان.

پیرنظر، ژانت افاری.(1371)- زن در دورە قاجارو انقلاب مشروطە، مجلە( نیمەدیگر)، نشریە ( فرهنگی، سیاسی، اجتماعی زنان) است، شمارە(17)، نشر(کالجبارنارد/ دانشگاە کلمبیا).

دلگشا، علی باغدار.( 2019) – حقوق زنان در مطبوعات زن نگار ایران از 1910-1925، ایران نامگ، سال(4)، شمارە(1)، بهار.

سعیدی، د. گلناز.( 1385) – انجمنهای زنان در دوران مشروطە، نشر، پژوهشگاە علوم انسانی و مطالعات فرهنگی پرتال جامع علوم انسانی، دورەی دوازدهم، دوا ، شمارە (230).

شایگان فرو دیگران،نادر، غلام رضا معروف.( 1401): تبارشناسی و سوژە زن__ شهروند مقارن مشروطە، فصلنامە علمی زن در فرهنگ و هنر، دورە 14، شمارە (1)، بهار.

فتح ابادی و دیگران، مریم حبیبی و بختیار پاك نیا.(1389) –نقش زنان در توسعەی اجتماعی و فرهنگی از انقلاب مشروطە تا انقلاب اسلامی، نشر، رشد اموزش تاریخ، دورهی دوازدهم، شمارە(2)، زمستان.

قاسم پورو دیگران، محمد، محمد علیزادە،یوسف متولی حقیقی.(1401)، جایگاە و نقش زنان گروەهای قومی در انقلاب مشروطە ایرانی ، ماهنامە علمی ( مقالە علمی پژوهشی) جامعە شناسی سیاسی ایران، سال پنجم، شمارە هشت، ماە (ابان).

مسعودنیا و دیگران، مینا نظری، نجات محمدی فر.(1392) –مطالعە تطبیقی حضور زن در قوە مقننە( تحولات قب و بعد از انقلاب اسلامی ایران)، نشریە، زن در توسعە و سیاست، دورەی یازدەهم، شمارە(4).

مقدم و دیگران، کیوان شعبانی، سارا نژادی، فرزانە زین العابدبن، معصومە حسینزادە تبریزی.(1400): زنان، ایثار و شهادت در دورە معاصر، دو فصلنامە شاهد اندیشە، شمارە2، پاییز و زمستان.

موسوی و دیگران، سیدصدرالدین، مسعود درودی، انیسە اسلانی کتولی.(1392) نگارش گفتمانی بە مشارکت زنان در انقلاب اسلامی، فصلنامە علمی پژوهشی، پژوهشنامە انقلاب اسلامی، سال دوم، شمار(6).

همایون، ناصر تکمیل.(1354) – برسی موقع و منزلت زن در تاریخ ایران، فرهنگ و زندگی، شمارە (19).

Women, Iran, Spirituality, Society, OrganizationPublished, Modernity.

## پەراویز:

i بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (رائین، اسماعیل. (2535): انجمن های سری در انقلاب مشروطیت، چاپ دوم، انتشارات جاویدان، ص13-14).

ii ئەم بزاڤە لەلایەن سەید عەلی محمد ناسراو بە باب، کە کوڕی بازرگانێکی شیرازی بە ناوی سەید رەزا سەریهەڵدا، ناوبراو کەوتبوە ژێر کاریگەری ڕێبازی شێخ ئەحمەدی ئەحسایی و سەید کازمی رەشتی وببووە لایەنگری مەکتەبی شێخیە. ئەگەر پاشخانی فکری بزاڤی بابیە بۆ مەکتەبی شێخیە بگەڕێتەوە، ئەوە ڕیشەی کۆمەڵایەتییەکەی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران دەگەڕێتەوە (سەعید، 2015، 155).

iii بزاڤێکی جەماوەری بوو، چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران تێدا بەشداربوون دژ بە ڕێکەوتنێکی پەنجا ساڵەی نێوان ناسرەدین شای قاجار لە گەڵ هاوڵاتیەکی بازرگانی بەریتانی (میجەر جرالد تالبوت) بەستبووی، ئەو ڕێکەوتنە لە (5ی کانوونی دووەمی 1892 هەڵوەشایەوە( کرمان، 1372، 53).

iv ئەوەی دەردەکەوێت لە سەرچاوەکان زانیاری زیاتر نیە، لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دیاریکردنی ئەو ناوچانەی تێیدا دەسەڵاتداربووە.

v (طاهرە قرە العین) لە قەزوین لە بنەماڵەیەکی زانا لە دایك ببووەو کچی گەورەی حاجی محمد ساڵح بەرەغانیەو لە ژێرکاریگەری بنەماڵەکەی دەبێتە لایەنگری مەکتەبی شێخیە. بە گشتی ژنێك بووە دژی خورافیات و داب و نەریتی کۆنە پاریزی بووەو باوەڕی زۆری بە ئازادی ژن و یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان هەبووە ( سەعید، 2015، 154).

vi وەك لە سەرچاوەکان دەردەکەوێت، پێش لە سێدارەدانی ناسرەدین شای قاجار نامەیەك بۆ(طاهرە قرە العین) دەنێریت لە زیندان و داوای هاوسەرگیری لێدەکات، ناوبراویش لە گەڵ ئەوەی وەڵامی نەرێنی دەبێت، بەڵام داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسرەدین شا دەکات و بە هۆیەشەوە دەسەڵاتدارانی دەربار لە ترسی بەهێزی ناوبراو لە لایەك، لە لایەکی دیکەش لە ترسی ئەوەی شا بکەوێتە ژێر کاریگەری جوانیەکەی، بە خێرایی حوکمی دادگاییەکەی جێ بەجێ دەکەن. ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە ، پێدەچێت یەکەم ژن بوبێت، کە لە لایەن (دوو) فتوادەر وەك تاوانبارێك لە سەر زەوی بە شێوەی نەهێنی لە باغی ئێلیخانی لە سێدارە بدرێ ودواتر لاشەکەی دەخرێتە نێو بیرێکی قوڵ و بیرەکەش بە خۆڵ و بەرد پڕ دەکرێتەوە، بەو شێوەیە لە تەمەنی 35 ساڵیدا کۆتایی بە تواناییەکانی دەهێنرێت.(عمرانی، 1375، 66-67)؛ (رجبی، 1374، 188).

vii زەینب پاشا فەرمانی دەرکرد بۆ شێرە ژنەکان و بازاریان کە بازارەکان بە بەرد بەڕووتاندا دابخەن و من گۆپاڵەکان ئامادە دەکەم و قاچەکانتان بە قاچ دەبەستمەوە.

viii بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەو ناوی خوێندنگاکان، بروانە (افاری، ژانت.( 1377): انجمن های نیمەسری زنان در نهضت مشروطه، ترجمه، د. جواد یوسفیان، نشر بانو، چاپ و صحافی سجاد، چاپ اول ، تهران.

ix صدیقە دولت ابادی لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە ساڵی1881 لەدایك بووە . هەمیشە لە نێو بنەماڵەکەیدا جل و بەرگی کوڕانیان لەبەر کردووەو ناردوویانەتە خوێندنگا. دولت ابادی بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە بۆ پاریس. لە ساڵی 1926 وەك نوێنەری ژنانی ئێران بەشداری لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتی ژنان لە پاریس کردووە. لە ساڵی 1926 گەڕاوەتەوە تاران .ناوبراو لە ساڵی 1947 بۆ جارێکی دیکە وەك نوینەری ژنانی ئێران بەشداری لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژنان لە ژنێڤ کردووە. لە تەمەنی 80 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ،ناوبراو وەسیەتی کردووە لەکاتی ناشتنیدا هیچ کەسێك و بە تایبەت ژنان بە عەبا و سەرپۆشەوە نەچن بۆ سەر گۆڕەکەی (همایون، 1354، 39)؛ (صلاح،1384، 42).

x بەرەچەڵەك قاجارییە و لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر لە دایك بووەو کچی محمد علی میرزای ئەسکەندرییە و لە نزیکانی فەتح علی شای قاجار بووە و باوکی دامەزرینەری کۆمەڵەی (ادمیت) بووە، کە تایبەت بووە بە ڕێزگرتن لە مافە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەت ژنان، باوکی ناوبراو باوەری هەبووە پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە هۆی یەکسانی رەگەزیی دێتە دی و باوەڕی بە خوێندەواری کچان هەبووەو هەر بۆخوشی هانی (محترم)ی کچی داوەو لەسەر دەستی خۆی فێری خوێندەواری بووە. محترم ئەسکەندەری لە ساڵی 1925 لە تەمەنی 29 ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە( عمرانی، 1375، 49).